# کچان بۆچی سەر بەهەوێ شوو دەکەن؟

**زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و چالاکوانی ئەو بوارە هەوڵ و کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی ڕێ لە فرەژنی بگرن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شووکردنی کچان سەر بەهەوێ بەردەوامەو زۆرێک لە کچانیش دەبنە قوربانی ئەو پرۆسەیە، شوکردنی کچان سەربەهەوێ.. ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە کەوا زۆرێک لە کچان بەو شێوەیە شوو دەکەن، بێگومان لە ئاکامدا کێشەو گرفتی لێ دەکەوێتەوە زۆرجار دەگاتە جیابوونەوە، ئێمەش بۆ زیاتر ئاشنابوون بە هۆکارەکانی شووکردنی کچان سەربەهەوێ و کێشەو گرفتی هەوێکان ئەم ڕیپۆرتاژەمان ئامادەکردووە..**

**ڕیپۆرتاژ: بێخاڵ محەمەد**



سەرەتا ئاواز خان وتی: من پێم وایە شووکردنی سەربەهەوێ شتێک نییە هیچ کچێک پێشتر بیر لەوە بکاتەوە کە ڕۆژێک لەرۆژان کە شووی کرد شوو بە کەسێک بکات کە ژنێکی تری هەبێت، چونکە ژیانێکی بەو شێوەیە ژیانێکی ئاسایی نییە، مەسەلەی ڕێکەوتیش ئەمەشیان نازانم چی بڵێم بەڵام شووکردنی سەر بەهەوێ هیچ کاتێک ناکرێت تۆ پێی بڵێیت شووکردنێک بە ڕێکەوت، لەبەرئەوەی شووکردنی سەربەهەوێ فاکتەرێک یا چەند فاکتەرێکی لە پشتەوەیە..

ئەو کەسانەی سەربەهەوێ شوودەکەن یا ئەوەتا ژن بە ژن یا گەورە بە بچووکیان پێ کراوە، یا لەلایەن کەسوکاریانەوە بەزۆر بەشوو دراون، یا ئەوەتا لەبەر هەر هۆیەک بێت لە سەرەتای تەمەنی لاوێتییانەوە شوویان نەکردووەو ماونەتەوەو ئەو کاتەش بەناچاری سەربەهەوێ شوویان کردووە، ئەمانە هۆیەکانی شووکردنی سەربەهەوێیە نەک شتێک کە بە خواستی دڵ کچ بیەوێت شوو بە پیاوێک بکات کە ژنێکی تری هەبێت ئەوەیان مەحاڵە هیچ کچێک بەوشێوەیە بیرناکاتەوە.

ئاڵا عەلی پێی وا بوو هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی کچان سەر بەهەوێ شوو بکەن: زۆر هۆ هەبوو وای لێکردم سەر بەهەوێ شوو بکەم و بیر لەوە نەکەمەوە کەوا منیش وەکو هەر کچێکی تر لەگەڵ پیاوێکدا زەماوەند بکەم کە ژنی نەبێت، من تەمەنم ٣٦ ساڵ بوو کە ئەو تەمەنەش بۆ کچ زۆرەو هەموو کوڕێک پێم ڕازی نەدەبوو، من سەرەتا باوکم بەشووی نەدام و دواتریش کە ڕازی بوو لەسەر شووکردنم من تەمەنم تێپەڕی بوو، نزیکەی ساڵێک چاوەڕێم کرد تا کوڕێک بێتە داخوازیم و بەدڵم بێت ئەو هیوایەم نەهاتەدی و ئەوەی هاتە داوام یا ژن مردە بوو یان ژنی هەبوو، یا ئەوەتا زۆر بەتەمەن بوو، بۆیە بڕیارمدا هەر کەسێک بێتە داوام شووی پێ بکەم تەنها مەرجیشم ئەوە بوو کە پیاوەکە دەوڵەمەند بێت.

لێزان محەمەد: شوکردنی سەر بەهەوێ وەک ئەوە وایە تۆ شوو بە پیاوێکی کەم ئەندام بکەیت، کەم ئەندامێکیش کە نیوەی جەستەی بەتەواوی لەدەست دابێت، نا لەدەستی نەدابێ بەڵکو لێیان داگیر کردبێ، باوکم بەزۆر دامی بەپیاوێک کە ژنی هەبوو لە ژنەکەشی دوو منداڵی هەبوو، یا دەبوو شووی پێ بکەم یا دەبوو خۆم بکوژم، چارم نەبوو بۆیە شوم پێ کرد، بەڵام خۆزگە ئەوکاتە خۆم بکوشتایەو شوم بەو پیاوە نەکردایە چونکە ئێستا هەر ڕۆژێکم مردنێکە.

شیرین خانیش وتی: لەگەڵ کوڕێکدا پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبوو، چەند جارێک هاتە داوام بەڵام ماڵەوەمان ڕازی نەبوون من بدەن بەو کوڕە هەرچەند کوڕەکە هیچ کەموکوڕییەکی نەبوو بەڵام ماڵەوەمان ڕازی نەبوون منی بدەنێ، کوڕەکە ژنی هێنا، دوای ئەوەی چوار منداڵیشیان بوو من هەر خۆشم دەویست چونکە ئەو گوناهێکی نەبوو، تەمەنی منیش هەڵکشا تا گەیشتە ئەو لوتکەیەی ئیدی فرمێسک بۆ بەفیرۆچوونی تەمەنم بڕێژم، تەمەنم گەیشتە ٣٩ ساڵ، هەرچەندە پەیوەندیمان نەمابوو بەڵام یەکمان هەر خۆشدەویست، دووبارە دوای ئەو هەموو ساڵە هاتەوە داوام و شوم پێکرد.

مامۆستا تریفەش وتی: پێشتر هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوە کە سەربەهەوێ شوو بکەم چونکە ئەوە شتێک نییە کە شایانی بیر لێ کردنەوە بێت و بێگومانیشم کە هیچ کچێک بیر لەوە ناکاتەوە، چونکە تۆ لە سەرەتای ژیانتەوە چۆن کەسێک دەکەی بە شەریکی خۆت، یا خۆت دەبی بە شەریکی کەسێک، بەڵام من دایکم مرد و باوکم بۆخۆی بەژنی دام، دامی بە کابرایەک و ئەویش کچەکەی خۆی دا بە باوکم.

ژیلەخان: من لە سەرەتای هەرزەکاریمەوە لەگەڵ کوڕێکی دراوسێی خۆمان پەیوەندی خۆشەویستیم هەبوو، بەڵام ماڵی ئێمە ڕازی نەبوون منی بدەنێ، ئیتر لەوێوە کێشەکانی من دەستی پێکردو هەموو کوڕەکان وەکو یەکیان لێ هات.. هەر کوڕێک دەهاتە داخوازیم ڕازی نابووم تا باوکم بەزۆر دامی بە پیاوێک کە سەرەتا نەمدەزانی ژنی تری هەیە، لەبەر ئەوەی زۆر گەنج بوو، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە ژنێکی تری هەیە و دوو ساڵە هێناویەتی منالی نابێت، دکتۆریش پێی وتبوو کە خێزانەکەی منالی نابێت، من بەو شێوەیە سەر بەهەوێ شوم کرد.

مریەم: من نەک بیرم لەو جۆرە شووکردنە نەکردبۆوە بەڵکو گەر لە تەمەنی لاویمدا ئەو قسەیەیان پێ بووتمایە شێت دەبووم.. بەڵام دواتر بەویستی خۆم سەر بەهەوێ شووم کرد، تووشی باوەژن بووم.. باوەژنێک کە هێندە خراپ بوو، زۆری حەز دەکرد ئازارم بدات، خۆی تەنها بە قسە ئازاری دەدام، هەر کاتێکیش کە باوکم لە ئیش دەگەڕایەوە کۆمەڵێک بوختانی بۆ دروست دەکردم و ئەویش بێ ویژدانانە و بەبێ ئەوەی لە ڕاستی و ناڕاستی قسەکان بکۆڵێتەوە تا زڕ دایکەکەم دڵی ئاوی دەخواردو ئۆخەی دەکردو دەهات دەستی دەگرت لێی دەدام.. منیش بۆ ڕزگار بوون لەو مەرگەساتەی ماڵەوە لەگەڵ کوڕێکی خزمی خۆماندا پەیوەندیم بەست کە ژنیشی هەبوو، داوام لێ کرد کە بمخوزێت هیچم لێی ناوێت ئامادەشم لەگەڵ ژنەکەی تری لە خانوویەکدا بژیم، هەر چەندە پێم وابوو تاوانێک دەکەم چونکە ژیان لە کەسێک تێک دەدەم بەڵام هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکەم نەبوو.

کەنار بەم شێوەیە باسی لە پەشیمانی کرد: پەشیمانی چی، من کە سەرەتا ڕازی نەبووم و بەویستی خۆم نەبوو، ئێستا لەچی پەشیمان بم.. خۆ من خۆم ئەو کارەم هەڵنەبژاردووە، تا ئێستا بۆم دەرکەوتبێ هەڵەیە و پەشیمانبم، من بەزۆر درام بەشوو.

# تەڵاق و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتووی منداڵ

هۆکاری زۆرو جیاواز هەیە بۆ جیابوونەوەی ژن و پیاو، هەندێ لەو هۆکارانە بریتییە لە گیرۆدەبوونی پیاو بە قومار و مادە کحولییەکان یاخود لاوازی کەسایەتی و نەزانینی بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ و کارنەکردن، هەندێ جاریش جیابوونەوە بەهۆی نەمانی تێگەیشتن لەنێوان ژن و پیاو ڕوو ئەدات بەشێوەیەک بەردەوامی ژیانی هاوسەنگ و ڕێزگرتن بوونی نامێنێ، زۆر جاریش بەهۆی خیانەتەوە دەبێت جا لە هەر لایەکیانەوە بێت، هۆکارێکی دیکەی تەڵاق جیاوازی تەمەن و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیریی لەتەمەنێکی زۆر کەمدا واتە لە تەمەنی هەرزەکاریدا کە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر جیابوونەوەی ژن و پیاو و گەیشتن بە تەڵاق، چونکە لەو تەمەنەدا هیچ شتێک دەربارەی بنەماکانی هاوسەرگیری نازانێت.

ڕەنگە بەهۆی کاریگەری بژێوی سەختی ڕۆژانەوە یاخود بەهەر هۆکارێکی دەرەکییەوە یاخود بەهۆی نەمانی خۆشەویستی و ڕێزەوە هەڵسوکەوتی یەکێک لە هاوسەران بگۆڕێت و پێیان وابێ کە ئیتر ژیانی بەیەکەوە بەردەوامی نابێ و باشترین چارەسەر بۆ ئەو کێشەیەش تەنها جیابوونەوەیە.

ئەوەی دیارو ئاشکرایە زەرەرمەندی یەکەم لەم کێشەیە منداڵە، چونکە پێی وایە ئەو هۆکاری جیابوونەوەکەیە، هەندێ منداڵ هەموو هەوڵی خۆی ئەخاتە گەر تاکو ئەو جیابوونەوەیە ڕوو نەدات بەڵام ئەوەی جێی باسە کە ئەو منداڵە هیچ تاوانێکی لەو جیابوونەوەیە نییە بەڵکو بڕیاری کۆتایی لەلای ژن و پیاوە.

لەبەرئەوە ئەوەی قوربانی گەورە ئەدات منداڵە چونکە ڕووبەڕووی چەندین کێشەوگرفت دەبێتەوە هەر لە ئاڵۆزبوونی هەستەکانییەوە تاکو تێکچوونی کەسایەتی و بوونی بە کەسێکی توندوتیژ و هەندێ لەو منداڵانەش کەسی لادەریان لێ دەردەچێت، منداڵەکە بەردەوام هەست بە تەنیایی ئەکات و پێویستی بە کەسێک هەیە پاڵپشتی بکات و گوێی لێ بگرێت بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو هەستە سلبیانە ڕزگاری بێت.

بێگومان جیابوونەوەی دایک و باوک بەپێی حاڵەتی تایبەتی منداڵ کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئەبێ، ڕەنگە ناچار بێت کە زۆر لە مەسەلە گرنگەکان بگۆڕێت وەک ماڵ و قوتابخانەو بەسەربردنی کات و گوزەرانکردن لەگەڵ دایک یاخود لەگەڵ باوک و مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ لە هەستە ناخۆشەکان.

بۆ پاراستنی دەروونی منداڵ باشتر وایە کە دایک و باوک ڕێکبکەون تاکو منداڵ بەشێوەیەکی ئاسان مامەڵە لەگەڵ جیابوونەوە بکات، زەحمەتە منداڵ بتوانێ لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا خۆی ڕابێنێ بەتایبەتی کاتێ کە ئەبینێ دایک و باوکی بەردەوام مشتومڕ و شەڕیانەو وەک دوژمن مامەڵە لەگەڵ یەکتر ئەکەن و هیچ ڕێزو وەفایەکیان بۆ یەکتر نییەو بەردەوام گلەیی و گازەندە لەیەکتر ئەکەن و وێنایەکی خراپ دەربارەی خۆیان و بەرامبەرەکەیان بە منداڵەکە ئەبەخشن، جا بۆ ئەوەی منداڵ ڕێزی دایک و باوکی لەدەست نەدات و کێشەی دەروونی بۆ دروست نەبێت و بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ جیابوونەوەیان بکات پێویستە لایەنی کەم لەبەر چاوی منداڵ دایک و باوک شەڕ نەکەن و قسەی بێ ڕێز و سوک بەیەکتر نەڵێن تاکو کێشەکە زیاتر لەلای منداڵەکە ئاڵۆز نەبێ.

زۆربەی ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان جیابوونەتەوە ئەڵێن نابێ دایک و باوک هەوڵی ئەوە بدەن کە بۆلای خۆیان ڕامانبکێشن، منداڵ پێویستی بە سەربەستییە لە هۆگربوونی بە دایکەوە یاخود بە باوکەوەو نابێ لایەنی بەرامبەر بە توندوتیژی و شێتی و غیرەوە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە مامەڵە بکات، چونکە دادپەروەری نییە منداڵ هەست بە خیانەت بکات بەهۆی هۆگربوونی بە یەکێکیانەوە، هەروەها پێویستە لەسەر دایک و باوک دەستبەرداری تووڕەیی و توندتیژیی بن و هیچ عەیبێکی تێدا نییە داوای هاوکاری لە کەسێکی نزیک بکەن بۆ یارمەتیدانیان تاکو بە کەمترین زیان لە تەنگەژەی جیابوونەوە دەربچن.

**هەست وشیار**



ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتیە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمیتاز: ڕێکار ئەحمەد، تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٤١٩٧٢٢
سەرنووسەر: سەردار محەمەد، تەلەفۆن: ٠٧٧٠٦٥٤٤٢١٦

نووسینگەی هەولێر
گەڕەکی ڕاستی، دەروازەی شەقامی جووتسایدی ڕاستی
نزیک ئۆفیسی هەولێری ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
تەلەفۆن:٠٧٥٠٣٩١٦٠٨٥ rojiigel@hotmail.com